## نـەشئەت ئەكـرەم یاریزانی هەڵبژاردەی عێـ

# دەمەوێ لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشـــ

نەشئەت ئەكرەم لەساڵی 1984 لەشاری بەغداد لەدایكبووە، كێشی 75كگم و درێژی 186ســم، نەشئەت ئەكرەم لە ســاڵی 1996 دەســتی بە یاریكردن كردووە لەگەڵ یانەی قوە جەوییە، دواتر لە یانەكانی زەورا و شــوڕتە و نەسری ســعودی و شەبابی ســعودی و عەینی ئیماراتی و غەرافەی قەتەری و تڤێنتێ ئەنشــخێدە هۆڵندە، توانی چەند نازناو لەگەڵ زۆربەی یانەكان بە دەستبهێنێت، بەڵام گرنكترین نازناوی بەدەستهێنانی جامی نەتەوەكانی ئاسیا بۆ تۆپی پێیە كە لە ساڵی 2007 لەگــەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەدەســتی هێنا.

نەشئەت ئەكرەم یەكێكە لە یاریزانە بەتواناكانی عێراق لە هێڵی ناوەڕاســت و بەمایسترۆی هێڵی ناوەڕاستی تۆپی پێی عێراق ناوزەند كراوە، دوای ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ یانەی تڤێنتێ ئەنشخیدەی هۆڵەندی هەڵوەشاندەوە تا ئێستا گرێبەستی لەگەڵ هیچ یانەیەك مۆرنەكردووە، دوای ئەوەی هەڵبژاردەی عێراق ئۆردوگایەكی مەشــقی لەشــاری هەولێر ئەنجام دا بەمەبەستی خۆئامادەكردن بۆ جامــی كەنداو 20 لە وڵاتی یەمــەن و جامی نەتەوەكانی ئاسیا 2011 لە وڵاتی قەتەر بە پێویستمان زانی لە نزیكەوە تایبەت بە گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی



## ـــراق لە دیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری گوڵاندا:

# ـــداری لە پاڵەوانییەتییەکانی دەرەوە بکەم

*** هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەت لەگەڵ یانەی تڤێنتی بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- دوای ئەوەی گرێبەستێکم لەگەڵ یانەی تڤێنتی ئەنشـــخیدە بۆ ماوەی ســێ وەرز مۆرکرد، دوای کۆتاییهاتنی خولی هۆڵەندە دانیشـــتنێکم لەگەڵ دەســـتەی کارگێڕی یانەکە کرد و زانیم لە وەرزی نوێی هۆڵەندا هەر وەکـــو یاریزانی یـــەدەگ دەبم، بۆیە بە ڕەزامەندی هەردوولا گرێبەســـتەکەمان هەڵوەشـــاندەوە، چونکە دەمویست لەلایەنی جەستەییەوە بە باشترین شێوە ئامادەبم تاکو بتوانم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە بکەم.

*** ئایـــا ڕۆیشـــتنی ڕاهێنـــەر ســـتیفن ماکلاریـــن لەیانەی تڤێنتی هۆکار نەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەت؟**

- بەڵـــێ، یەکێـــك لـــە هۆکارەکانـــی هەڵوەشـــاندنەوەی گرێبەست لەگەڵ یانەی تڤێنتی ڕۆیشتنی ڕاهێنەر ستیفن ماکلارین بوو، چونکە ئەم ڕاهێنەرە چانســـی دا بەمن کە لـــە خولەکانی ئەورووپا یـــاری بکەم و پشتگریی لێکردم.

*** ئایـــا لە مۆرکردنی گرێبەســـت لەگەڵ یانەی تڤێنتی پەشیمان نیت؟**

- نەخێر، پەشـــیمانم نیمـــە، بەپێچەوانەوە تاقیکردنەوەیەکی باش بوو بۆ من، لە هەموو ڕوویە کەوە زۆر سوودم لێوەرگرت.

*** بۆچـــی دوای هەڵوەشـــاندنەوەی گرێبەســـتەکەت لەگەڵ یانـــەی تڤێنتی، گرێبەســـتەت لەگـــەڵ یانەیەکـــی تـــر مۆرنەکرد؟**

- دوای ئەوەی گرێبەســـتەم لەگەڵ یانەی تڤێنتی هەڵوەشاندنەووە، چەندین گرێبەستەم لـــە یانەکانـــی زەمالك و یانـــەی قەتەری قەتەری بـــۆ هات، بـــەڵام بەهۆی کەمی ماوە فریانەکەوتم لە یەکێك لەم یانانە یاری بکەم.

*** ئایا بە نیازی جارێکی تر لە خولەکانی ئەورووپا یاری بکەیت؟**

- ئەگەر بارودۆخێکی گونجاو ڕەخسا، ئەوە دووبارە دەگەڕێمەوە و لە یەکێك لە یانەکانی ئەورووپا یاری دەکەم، گرنگ نییە چ وڵاتێك بێت.

*** ئەگەر لە هیچ یانەیەك گرێبەســـت بۆ نەهات تا چەند ڕاســـتە بە خۆڕایی لەگەڵ یانەی هەولێر یاری دەکەیت؟**

- بەهیچ شـــێوەیەك بیرم لەوە نەکردۆتەوە لە خولی عێراق یاری بکەم.

*** واتە ئامادەی یـــەك وەرزی تەواو بەبێ یانە بیت؟**

- ئەگەر هەر هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهات لە ماوەی یەك ساڵدا ئەوە بۆ یانەی شورتە یـــاری دەکـــەم، چونکە ئـــەم یانەیە ماڵی یەکەم و دوایین ماڵـــی منە، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ یانەی هەولێر.

*** هەندێك لە ڕۆژنامەکان هێرشـــیان کردە ســـەرت بەهۆی دابەزینی ئاســـتت، چۆن وەڵامیان دەدیتەوە؟**

- هەڵبـــژاردەی عێراق چ یاری ئەنجام داوە تاکو ڕەخنە لە ئاستی من بگرن.

*** هـــۆکاری چییە هەر وەرزێك لە یانەیەك یاری دەکەیـــت، واتە لە یانەیـــەك جێگیر نابیت؟**

- یاریزانێکی پیشـــەگەرم لە هەمان کاتدا لەیانەی شەبابی ســـعودی بۆ ماوەی سێ وەرز یاریـــم کرد و لـــە یانەکانی غەرافە و عەین و تڤینتی یەك وەرز یاریم کرد، لەگەڵ گشـــت یانەکان کـــە یاریم کـــردووە نازناوم بەدەســـتهێناوە، ئەمەش باکگراوندێکی زۆر باشە بۆ من.

*** لـــە کام یانـــە ســـەرکەوتوو بویت، وەکو یاریزانێکی پیشەگەر؟**

- لـــە هەموو ئـــەو یانانەی، ســـەرکەوتوو بوویمە.

*** ئایـــا بەنیازیـــت دووبـــارە بگەڕێیتەوە خولەکانی کەنداو؟**

- تا ئێســـتا بڕیارم نەداوە لە کام یانە یاری دەکەم و چاوەڕوانی چەند گرێبەستێکی تر دەکەم بۆ ئەوەی باشترینیان هەڵبژێرم.

*** چـــۆن دەڕوانیتە ئاســـتی هەڵبژاردەی عێراق؟**





- تا راددەیەك ئاستی هەڵبژاردەی عێراق باشە و توانیمان کۆمەڵێك یاریزانی تر بۆ هەڵبژاردەی عێراق دروست بکەین، ئەمەش بە یاریپێکردنی کۆمەڵێك لە یاریزانی لاو، کە توانیان لە خولی عێراق ئاستی بەرز پێشکەش بکەن.

*** چۆن دەڕوانییە چانسی هەڵبژاردەی عێراق لە جامی کەنداو و جامی نەتەوەکانی ئاسیا بۆ تۆپی پێی؟**




- هیوادار بووین خۆئامادەکردنی هەڵبژاردەی عێراق بۆ ئەم دوو پاڵەوانیەتیە لەمە باشتر بێت و هەروەها یاری دۆستانە لەگەڵ چەند هەڵبژاردەیەکی بەهێز ئەنجام بدەین، بەڵام ئەمە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمە دابوو، چونکە باروودۆخی یەکێتی تۆپی پێی عێراق تەواو نییە.

*** چۆن دەڕوانیە سیدکا ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بۆ تۆپی پێی؟**

- زۆربەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق پیشەگەرن و لەگەڵ ڕاهێنەری پیشەگەر مامەڵمان کردووە، بۆیە پێویستیمان بە کاتێکی کەم دەبێت تاکو لە شێوازی یاریکردنی سیدکا ڕابێن.

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی خولی عێراق؟**

- خولێکی لاوازە شایستەی ناوی خولی عێراق نییە، ئەگەر خولێك لە ٣٨ یانە پێکبێت ئەمە چ خولێکە لە هەموو جیهان وڵاتێك نییە تەنیا عێراق نەبێت خولی پلە نایابەکان ٣٨ یانە بێت.

*** چۆن دەڕوانیە یاریگاکانی عێراق؟**

- یاریگاکانی عێراق جێگەی شەرمەزاری و داخە، لەگەڵ ڕێزم بۆ یانەکانی تر تەنیا یانەی دهۆك و سلێمانی توانیان یاریگەی گونجاو دروست بکەن.

*** چۆن دەڕوانیە یانەی هەولێر؟**

- ماوەیەك پێش ئێستا لەگەڵ یانەی هەولێر مەشقم ئەنجام دا، ئەم یانەیە بەرەو پێشگەری دەڕوات، ئەم هەنگاوێکی زۆر باشە.

*** چۆن دەڕوانیە داوڕۆژی تۆپی پێی عێراق؟**

- لە مەترسی دایە بەهۆی نەبوونی یاریگەی گونجاو و بیرکردنەوەی گونجاو و بایەخ نەدان بە خولەکانی لاوان و تازەپێگەیشتووان و بەچکە شێران، لە هەمان کاتدا کاتێك هەڵبژاردەکان سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، ئەوە بایەخ بە یاریزانەکان دەدەن و گرنگیان پێدەدەن و باسیان دەکەن و دەبنە نیشتمان پەروەر، بەڵام لەکاتی دۆڕاندنی هەڵبژاردەی عێراق ئەوە یاریزانەکان بە خۆفرۆش و خائن ناوزەند دەکرێن.

*** سەبارەت بە ڕۆژنامەنووسەکان زۆربەی کات ڕەخنەتان لێدەگرن، تاچەند کاریگەری لەسەر ئێوە هەیە؟**

- زۆربەی یاریزانەکان ڕێز لە ڕۆژنامەنووسەکان دەگرن و گوێبیستی ڕەخنەکانیان دەبن، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بەهیچ کەسێك نادەم من بە خۆفرۆش و خائن وەسف بکات، چونکە ئەمە مافی ئەو نییە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ڕێز و خۆشەویستیم بۆ خەڵکی شاری هەولێر هەیە و سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر و دەستەی ڕاهێنەرانی یانەی هەولێر دەکەم، چونکە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەم یانەیە مەشقم کرد بە مەبەستی پاراستنی باری جەستەییم و زۆر شتیان پێشکەش کردم و خۆم بە قەرزاریان دەزانم.



رێباز کاکل یاریزانی باسکەی خاوەن پێدوایستی تایبەتی هەڵبژاردەی کوردستان

# کەمئەندامان ئارەزووەکانیان لە کەسانی لەشساغ زیاترە و یاریگاشیان نییە

**لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٢ی شاری هەولێرە ئێستا مامۆستایە لە پەیمانگای تەکنیکی بەشی کۆمپیتەر و قوتابی قۆناغـــی دووەمی کۆلێژی ئادابە و یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی هەڵبژاردەی کوردســـتان لە یاری باســـکەی سەرکورسی بۆخاوەن پێداویستی تایبەت، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی خولی خاوەن پێداویستییەکان بۆ یاری باسکە چۆن بوو؟**

- بەڕاستی خولێکی زۆر باش بوو، شتی تازەی تێدا باســـکرا، بەهیوایین ئەوە جۆرە خولانە بەردەوام بێت.

*** کێشـــە و گرفتـــی ئێوە وەکـــو خاوەن پێدوایستی تایبەت چییە؟**

- کۆمەڵێك کێشەمان هەیە، وەکو نەبوونی ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ هاتووچۆکردنمان، هەندێك لـــە یاریزانان باری داراییان باش نییە. هەرچەندە پارائۆڵۆمپی لە هەندێك بوار کاری باشـــیان کردووە، بەڵام هێشتا ماوە کاری باشتر بۆ کەمئەندامان بکرێت، چونکە ئارەزووەکانیان لە کەسانی لەشساغ زیاترە و یاریگاشمان نییە.

*** راســـتە زۆرجـــار کـــە دەچنە یاریگاکەی بنەسڵاوە کێشەتان بۆ دروست دەبێت؟**

- بەڵی، کـــە دەچینە یاریگاکە کەســـانی تر لـــەو یاریگایەن، ئەوەش کێشـــەیە. هەرچەندە باشترین را هێنە ر مـــا ن هەیـــە کـــە زۆر هاوکاریمان دەکەن و بە روحیەتێکی گەورە وەرزش دەکەین.

*** ماوەی چەند مانگە ئەم تیپە دامەزراوە؟**

- مـــاوەی ٢مانگە ئەم تیپە دامەزراوە، ئێمەش مەشـــق دەکەیـــن و مامۆســـتا تەحسین زۆر هاوکاریمان دەکات.

*** ئەی بۆ راگەیاندنەکان چی دەڵێی؟**

- سوپاســـتان دەکەم ئێوە ئێســـتا هاتوون منتـــان بەســـەر کردۆتەوە، ئـــەوە دەبێتە هاندەرێکـــی باش بۆمن تـــا زیاتر خۆم ماندوو بکەم. بەهیوام راگەیاندنەکان زیاتر خۆیان بە خاوەن پێدوایســـتیە تایبەتەکان ماندووبکەن.

*** پێـــت باشە چی بکر ێـــت بۆبـــەرەو پێشچوونی وەرزشی خاوەن پێدوایستی تایبەت؟**

- پێم باشـــە راگەیانـــدن گرنگی زۆری پێبدات، چونکە تا ئێستا راگەیاندن ئاشنا نییە لەگـــەڵ ئەم یارییـــە، یارییەکەش شتێکی تازەیە.

***ئایا وەرزش کـــردن هەندێك لە خەمی قاچەکانتی کەم نەکردۆتەوە؟**

-بێگومـــان وەرزش لـــە خەمـــی هەموو کەسێك کەم دەکاتەوە، وەرزش خەم رەوێنە، من ئەو بڕوابوونەوەی کە بەخوای گەورەم هەیە، خەمم بۆ قاچەکانـــم نەخواردووە، چەند ســـاڵە بۆخۆم مامۆستاو قوتابیم و کەسێکی سوودمەندم لە کۆمەڵگە.

*** لایەنی بەرپرس تا ئێستا وەکو پێویست هاوکاری ئێوەی کردووە؟**

- تا ئێســـتا شتێکی وای نەکردووە بڵێین باشـــە، هەر چەنـــدە کار کراوە، بەڵام کەمئەندام پێویستی بەوەیە لایەنە دەروونیەکـــەی رابگیرێت، چونکـــە کەســـێکی هەستیارە و لەگەڵ کەسێکی ئاسایی جیـــا و ا ز ی هەیە.



# ئایا یاری شەترەنجی کچان وەکو پێویستە لـ

**یاری شـــەترەنج یەکێکە لە یارییە هەرە پڕ جەماوەرییەکان، کەســانی تایبەت و بەتوانا ئەم یارییە دەکەن، لەجیهان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە لە تەواوی وڵاتانی جیهان گرنگی پێدەدرێت، لەکوردستانی خۆشمان ئارەزوومەندانی ئەم یارییە لە زۆربوونە، بەڵام لەئاســتی کچانمان هەر چەندە یاریزانی بەتوانامان زۆرە، بەڵام وەکو پێویســت نییە کە شایەنی باسکردن بێت، ئێمەش بۆ ئەم مەبەستە ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.**

(جــوان جەمــال) کچە یاریزانــی کوردی هەڵبــژاردەی عێراق، لەبارەی ئاســتی ئەم یارییە لە کوردســتان وتــی «بە داخەوە لە کوردســتان ئاستی شــەترەنجی کچان وەکو پێویســت نییە، بەڵام بە پێچەوانەوە لەشاری بەغدا قوتابخانەی پێگەیشــتن هەیە بۆ ئەم یارییە، پێویســتە لەکوردســتانی خۆشمان بەرپرســانی وەرزشی پشتگیری لە وەرزشی ئافرەتان بکەن، بەتایبەتی لەیاری شــەترەنج کە زۆر یاریزانی بەتوانامان هەیە کە خاوەنی مەدالیای زێڕن، بۆیە پێویستە پشتگیری لەم یاریزانانە بکەین و بشتوانین قوتابخانەیەك بۆ دروستبوونی یاریزانان بکەینەوە»، ئاماژەشی بــەوەدا کــەوا ئەگەر بتوانرێت ئــەم یارییە بکرێتە پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەکان و هــۆڵ و راهێنەری تایبــەت بهێنن بۆئەم یارییە، بەهیواشم یاریزانی زیاتر دروست بێت لەم یارییە، چونکە یارییەکی جیهانییە.

(چنــار وریــا قانــع) یاریزانــی یانەی پێشمەرگەی سلێمانیش لەبارەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردســتان وتی «ئێستا ئاستی یاری شەترەنج لە کوردستان لە بەرەوپێشچوونە کۆمەڵێك یاریزانی کچی بەتوانمان هەیە کە ئێستا دروست بوون و خەریکی پێگەیشتنن، وتیشــی بەبۆچوونــی من ئەگــەر بکرێــت راهێنەری بیانی بهێنن بۆیانەکانی کوردستان بۆئەوەی بتوانن یاریزانی باش دروست بکەن لەم یارییە و خولی بەردەوام بکرێتەوە بۆئەوەی یاریزانــەکان زیاتــر خۆیــان ماندووبکەن، یانەکانیــش لەگەڵ یەکتــری یاری بکەن، بۆئەوەی بتوانن ئاســتی خۆیــان بەرەوپێش ببەن، یان ئەگەر بکرێت تیپەکانی کوردستان ببەنە وڵاتانی دراوسێ بۆئەوەی لەگەڵ ئەوان یاری بکەن و ســوود لە ئەزموونی ئەوانیش وەربگیرێت، بەم هۆیانەش ئاســتی یاریزانان زۆر پێشدەکەوێت، وتیشی زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپا و دراوســێ راهێنەری بیانیان هەیــە تەنیا لە عێراق و کوردســتان نەبێت، کەوا هیچ راهێنەرێکی بیانی نییە بۆئەوەی ئاستی یاریزانان پێش بکەوێت. بەهیواشم لە داهاتوو ئەمکارە بکرێت و ئاستی شەترەنجی کچــان بەرەو پێش بچێت لە کوردســتان بۆ ئەوەی بتوانین رکابەری وڵاتان بکەین.

(ئازاد سابیر دیبەگەیی ) سەرۆکی یەکێتی شــەترەنجی کوردســتان ئەویــش لەبارەی ئەم وەرزشــە وتی «ئێمــە وەکو پرۆگرامی ساڵانەی یەکێتی شەترەنجی کوردستان خول ئەنجام دەدەین، بۆهەردوو ئاســتی کوڕان و کچا ن

بەردەوامیش هەوڵمــان داوە پاڵەوانتیەکانمان کــراوە بێــت بۆئــەوەی کەســانێکی زۆر مافــی ئەوەیــان هەبێت بەشــداری بکەن، تاکــو بتوانــن زۆرترین ژمــارەی یانەکان بەشــداری پاڵەوانەتیەکان بکەن. وتیشــی لە ئاستی یاری شــەترەنجی ئافرەتان سێ یانە لە کوردستان ئاســتیان زۆر بەرزە وەکو یانەکانی (پێشــمەرگەی سلێمانی و خانزاد و گارە) زۆربــەی یاریزانانی ئەم یانانەش لە خولەکانی عێراقی و عەرەبی بەشــدارن و خاوەنی ئەنجامی باشن، بەڵام ئێمە ئارەزووی ئــەوە دەکەین کــەوا یانەکانی کوردســتان هەموویان تیپی شــەترەنجیان هەبێت، بەڵام یانەکانی کوردستان گرنگی بەهەندێك یاری دەدەن، بەڵام یاری شەترەنج پشتگوێ خراوە، لەبــارەی هۆکاری پشتگوێخســتنی یاری شەترەنج لە کورردستانیش وتی، هۆکارەکەی بــۆ ئەوە دەگەڕێتــەو کەوا لە کوردســتان کەســمان نییە یاریزان پــێ رابگەیەنێت، پێگەیاندنی یاریزانیش پێویستی بە راهێنەرە بۆئەوەی یاریزانەکانیش خۆیان ماندوو بکەن، پێویستیشە یەکێتیە وەرزشییەکانی لقەکانی شــارەکان خولــی زیاتر بکەنــەوە و هانی کچان بدەن بۆئەوەی زیاتر فشار بخەنە سەر یە کێتیە کا ن تا کــو



## ـــــــه کوردستان

خولی بەردەوامیـــان بۆبکەنـــەوە، لەبارەی کێشەکانیشیان وتی، هۆڵی تایبەت بەخۆمان نییە، هۆڵــەکان وا گەورە نین تا بتوانین بە ئارەزووی خۆمـــان خولی لێ ئەنجام بدەین. زۆرجار پەنـــا دەبەینە بەر هۆڵێکی بچووك، ئەوەش وایکردووە پاڵەوانەتیەکان لەو ئاســـتە نەبێت.

(ئـــازاد بیـــلال) ناوبژیوانـــی نێودەوڵەتی ئەویش وتی «ئـــەم یاریزانە کچانەی کەوا لە یانەکانی کوردستانن، زۆربەیان نوێنەری عێراقن لە پاڵەوانەتیەکانی دەرەوەی عێراقی، ئـــەوەش مانای وایە ئاســـتی شـــەترەنجی کچـــان وەکو پێویســـتە، وتیشـــی هۆکاری خراپی ئاســـتی کچان لە یاری شـــەترەنج بۆئەوە دەگەڕێتەوە بارودۆخی ئاسایش وەکو پێویســـت نییە لە شارەکانی عێراق، تەنیا لە یانەکانی کوردستان نەبێت کە ئەوان گرنگی بەشـــەترەنجی کچان دەدەن. وتیشی نەبوونی ڕاهێنەرێکـــی بەتوانا و هۆڵ زۆر هۆکارە بۆ ئەوەی ئـــەم یارییە لەپاش بدات، ئەگەر ئەم هۆکارانە چارەسەر بکرێت، باشترین ئاستی دەبێت لە کوردستان.

(ئەســـعەد ئیســـماعیل) جێگری سەرۆکی یەکێتـــی شـــەترەنجی کوردســـتان وتـــی «هۆکاری نزمی ئاستی شەترەنجی ئافرەتان لە کوردســـتان و عێراق بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕاهێنەری نێودەوڵەتیمان نییە کەوا بتوانێ ئاستی یاریزانەکان بەرەو پێش ببات. ئێستاش یاریزانانی کوردستان پێویستیان بە ڕاهێنەرێکی بیانیە بۆئەوەی ئاســـتیان بەرەوپێش بچێت. پێویستە زیاتر ســـەردانی وڵاتانی دراوسێ بکرێت، بۆئەوەی ئاشـــنایەتی باش دروست بێـــت. ئەگەر بمانەوێ ئاســـتی وەرزشـــی شەترەنجی کوردســـتان بەرزکەینەوە، دەبێت ڕاهێنەرێکـــی بیانی بەتوانا بهێنین بۆئەوەی یاریزانەکانمان لەژێر دەســـتی ئەوان پەروەردە بکرێن، ئێســـتا ئاستی یاریزانانی شەترەنجی کوڕان و کچانی کوردستان دابەزیوە، بەڵگەش بۆئەم قسانەم لە ئۆڵۆمپیاتی جیهانی ئاستی هەڵبـــژاردەی عێراق زۆر خراپ بوو، ئەگەر بکرێت پێداویســـتی تایبەتی یاری شەترەنج و ســـەربازگەی مەشـــقی و هۆڵی تایبەت دروست بکرێت.

### سرود حەمید یاریزانی باڵەی یانەی سۆران

# بۆ ئەنجامدانی مەشقەکانمان زۆرجار دەچینە شارۆچکەی ڕواندز

**ســـرود لەدایکبووی ســـاڵی ١٩٩٢قەزای ســـۆرانەو یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی تیپی باڵەی یانەی ســـۆران، ئاستێکی بەرزی هەیە لە یاری باڵە و ماوەی چەند ساڵێکە لەریزی یانەی سۆرانە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



***ئاستی یاری باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لە ئێستادا ئاستی یاری باڵە بەرەو پێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە، لەزۆربەی ناوچەکانی کوردســـتان گرنگی بەم یارییە دەدرێت، بەڵام نەبوونی هۆڵ کێشـــەیە بۆ یاریزانانی ئەم یارییە بەتایبەتی بۆکچان.

***چی بکرێت باشە بۆبەرەوپێش بردنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

-پێویســـتە گرنگی تایبەت بدرێت بەکچانی یانەکان، هەرچیەکیش بکرێت بۆکچان هەرکەمە، بەڵام ئەگەر هۆڵی داخراو و ڕاهێنەری بەتوانا دابین بکرێت، بێگومان شێکی باشە.

*** کێشە و گرفتەکانتان چین بەگشتی لە یانەکەتان؟**

- کێشەمان تەنیا نەبوونی هۆڵێکی داخراوە بۆئێمە، زۆرجار دەچینە شارۆچکەی ڕواندز بۆ ئەنجامدانی مەشـــقەکانمان، ئەگەر ئەم کێشەمان چاك بکرێت کارێکی زۆر باشە.

***بەبۆچوونی تۆ چی بکرێت باشـــە تاکو ئافرەتانی کورد زیاتر بێنە نێو بواری وەرزشی و وەرزش بکەن؟**

- گرنگییەکی باش بە تواناکانی کچـــان بدرێت، لە تەواوی یارییەکان و پێدوایســـتیان بۆدابین بکرێت. لەگەڵ هۆڵی تایبەت دروســـت بکرێت بۆکچـــان و دروســـتکردنی قوتابخانەی پێگەیاندنـــی یاریزانانیش زۆر بەسوودە.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- هیوادارم بتوانم لە داهاتـــوودا خزمەتی ئافرەتانی وەرزشکار بکەم و خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم، بتوانم ببمە ئەستێرەی ئەم یارییە لە کوردستان.

***چی بەو کچانە دەڵێی کە وەرزش ناکەن؟**

-هیـــوادارم ئەوانیش بێنە نێـــو وەرزش کردن، بتوانن تواناکانی خۆیان پێشـــکەش بکەن، کە ئافرەتیش بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەیە.

***پێت باش نییە مـــاوەی خولەکانی کچان زیادبکرێت؟**

-بەراســـتی ئەگەر بکرێت ماوەی خولەکان درێژتـــر بێت، بۆئەوەی یاریزانـــەکان بتوانن لەمـــاوەی زۆرتر تواناکانی خۆیان پێشـــکەش بکەن، خولەکەش گرنگی زیاتری دەبێت.

*** لە کۆتایی ئەگەر شتێکت مابێت؟**

-هیوادارم زیاتر گرنگی بە وەرزشی کچان بدرێت، ئەگەر بکرێت لە هەموو شارەکان هۆڵ بۆکچان دروست بکرێت و هانی کچان بدرێت بۆ هاتنیان بۆ نێو یاری باڵە.


بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە : بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد
gulan-media.com rebin1985@yahoo.com
Mobile: 4480386